Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090108

# شێوازناسی و شێوازناسی ئەدەب

ژوان عبدالسلام عزیز گەردی

بەشی زمانی کوردی// کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە// زانکۆی سەلاحەددین

ئیدریس عبدالله مصطفى

بەشی زمانی کوردی// کۆلێژی زمان// زانکۆی سەلاحەدین

rticle Info

Received: January, 2022
Accepted : February,2022
Published :April ,2022

Keywords

لادان، شێواز، شێوازناسی، شێوازناسی ئەدەب.

Corresponding Author

zhwan.azeez@su.edu.krd
idrees.kurdesh@su.edu.krd

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (شێوازناسی و شێوازناسی ئەدەب) دایە، مەبەستێکە بۆ ناساندی زانستی شێوازناسی، شێوازناسی؛ خوێندنەوەی دەقی ئەدەبییە لە ژێر ڕۆشنایی ئاستەکانی شیکاری شێوازی کە وا دەقی ئەدەبی لەسەر بنیات نراوە، واتە: شێوازی دارشتن و بیری تاکە کەس، کە بە ڕێگەی زمانەوە دارێژراوە؛ دەخاتەڕوو و واتا بەهێزەکەی نێو دەقی ئەدەبی بۆ وەرگر دەستنیشان دەکات. بۆیە ڕێبازی ئەم توێژینەوەیە؛ (شێوازناسی)یە. ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: ئەم بەشە بە ناونیشانی (شێوازناسی)یە؛ چەند تەوەرێک لە خۆ دەگرێت؛ تەوەری یەکەم: (شێوازناسی لە ڕوانگەی وشەوە) باسکراوە، تەوەری دووەمیش؛ (شێوازناسی لە ڕوانگەی زاراوە)وە لەلایەن شێوازناسان و نووسەرانەوە باسکراوە.

بەشی دووەم: تایبەتە بە (شێوازو شێوازناسی ئەدەب)، سێ تەوەر لە خۆ دەگرێت: تەوەری یەکەم؛ لە بارەی (شێواز)ەوەیە، تەوەری دووەم؛ (شێوازەکانی زمان و شێوازەکانی ئەدەب) بەنموونە دەخاتە ڕوو، لە تەوەری سێیەمیشدا؛ لە بارەی (شێوازناسی ئەدەب)ەوە دەدوێت.

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا؛ پوختەی ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە لەگەڵ سەرچاوەکان و کورتەی باسەکە بە زمانی کوردی و عربی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (شێوازناسی و شێوازناسی ئەدەب) دایە، مەبەستێکە بۆ ناساندنی زانستی شێوازناسی، شێوازناسی؛ شێوازی دارشتن و بیری تاکە کەس، کە بە ڕێگەی زمانەوە داڕێژراوە؛ دەخاتەڕوو و واتا بەهێزەکەی نێو دەقی ئەدەبی بۆ وەرگر دەستنیشان دەکات.

هۆی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە؛ دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی زانستی شێوازناسی لە شیکارکردنی دەقە ئەدەبییەکان بە تایبەتی دەقی شیعری؛ بەسەرجەم ئاستە جیاوازییەکانییەوە بە مەبەستی دەرخستنی جوانییەکای نێو دەقە ئەدەبی لە لایەک، دەرخستنی ئاستی سەرکەوتنی دەقی شیعری لە لایەکی تردا.

ئامانج لەم توێژینەوەیە؛ دۆزینەوەی بنەماکانی شێوازناسی و شێوازناسی ئەدەبە بە تایبەت.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: ئەم بەشە بەناونیشانی (شێوازناسی)یە؛ چەند تەوەرێک لە خۆ دەگرێت؛ تەوەری یەکەم: (شێوازناسی لە ڕوانگەی وشەوە) باسکراوە، تەوەری دووەمیش؛ (شێوازناسی لە ڕوانگەی زاراوە)وە لەلایەن شێوازناسان و نووسەرانەوە باسکراوە.

بەشی دووەم: تایبەتە بە (شێوازو شێوازناسی ئەدەب)، سێ تەوەر لەخۆ دەگرێت: تەوەری یەکەم؛ لە بارەی (شێواز)ەوەیە، تەوەری دووەم؛ (شێوازەکانی زمان و شێوازەکانی ئەدەب) بە نموونە دەخاتە ڕوو، لە تەوەری سێیەمیشدا؛ لە بارەی (شێوازناسی ئەدەب)ەوە دەدوێت.

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا؛ پوختەی ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە لەگەڵ سەرچاوەکان و کورتەی باسەکە بە زمانی کوردی و عربی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

کلیلە وشە: لادان، شێواز، شێوازناسی، شێوازناسی ئەدەب.

**بەشی یەکەم: لە بارەی شێوازناسییەوە:**

**تەوەری یەکەم/ شێوازناسی لە ڕوانگەی (وشە)وە:**

بۆ تێگەیشتن لە بەرنامەو کارو واتای شێوازناسی؛ پێویستە سەرەتا لە ڕوانگەی وشەوە شێوازناسی بناسێنین:

**(١-١-١): شێوازناسی لە ڕووی (وشە)وە:**

شێوازناسی لەڕووی فەرهەنگەوە؛ زاراوەیەکی فەڕەنسی (Stylistique) لێکدراوە؛ لە دوو برگە پێکهاتووە: برگەی یەکەمی بریتییە لە ڕەگی (Stilus) بە واتای ئامرازی (قەڵەم – پێنووس) دێت؛ کە لە زمانی لاتینییەوە وەرگیراوە، برگەی دووەمی (Ique) پاشگرەکەی (واتا)ی ڕێژەیی لەسەر ڕەهەندی زانستی و پرۆگرام هەڵدەگرێت. لە کاتی لێکدانی هەردوو برگەکە؛ زاراوەی (شێوازناسی) بەدەست دەهێنین.( Cogard, (2001), p: 11).

لە زمانی ئینگلیزیدا (Stylistics)ی پێدەڵێن، لەدوو برگە (Style + stics) پێکهاتووە، (Style) بە واتای ڕێگەی ئاخاوتن و نووسین دێت، پاشگرەکەشی واتای ئامرازێکی تۆمارکردنە، بە لکاندنی هەردوو برگەکە؛ بە واتای ڕێگەی دەربڕین و نووسین لە لای نووسەر دێت.(عبدالمطلب، (٢٠١٢)، ص: ١٨٥).

لە زمانی عەرەبیشدا پێی دەوترێت (الأسلوبية)، بەهەمان شێوە وشەیەکی لێکدراوە؛ لە دوو برگە پێکهاتووە، (أسلوب + ية) ( الأسلوبية )، (اسلوب) واتە: (Style)، (شێواز) دێت، ئەو ڕێگەیەیە کە وا نووسەر بۆ هۆنینەوەی بەرهەمەکەی دەیگرێتەبەر، (ية) پاشگرەکەیەتی؛ بە واتای زانست دێت. بە یەکگرتنی ڕەگی وشەکەو پاشگرەکەی (زانستی شێواز) واتە: (شێوازناسی)یان پێکهێناوە. (المسدی، (٢٠٠٦)، ص: ٣١-٣٢).

لە زمانی فارسیشدا (سبك شناسی) پێ دەوترێت، لە زاروەی فەڕەنسی (Stylistique) وەرگیراوە، لە دوو برگە پێکهاتووە: (سبک + شناسی ← (سبک شناسی)، (سبک) بە واتای (شێواز)ە، (شناسی) یش بە واتای (زانست یان پرۆگرام)ە، (شمیسا، (١٣٧٣)، ص: ١٣) لە ئەنجامی لکاندنی ڕەگەکە بە پاشگرەکەی ( شێوازناسی)یان بەرهەمهێناوە.

لە زمانی کوردیش (شێوازناسی)یە، وەک زمانەکانی پێشوو لە دوو برگە پێکدێت:

(شێواز + ناسی) ← (شێوازناسی)، بە واتای زانستی ناسینی شێواز، ناسینەوەی ئەو ڕێگەیەی کە هەر نووسەرێک لە نووسینەوەی بەرهەمەکەی دەیگرێتەبەر؛ ئەمەش لە ڕێگەی توێژینەوەوە پێی دەگەین.

**تەوەری دووەم/ شێوازناسی لە ڕووی (زاراوە)وە:**

شێوازناسی زاراوەیەکی نوێیە، بۆیە هەر یەکە لە زاناو نووسەران و شێوازناسان، بەپێی تێڕوانین و گۆشەنیگای خۆیانەوە؛ ئەم زاراوەیەیان ناساندووە، لەوانە:

**(١-٢-١): شێوازناسی لە تێڕوانینی ئەورووپییەکانەوە:**

**(١-٢-١-١): پێناسەی شێوازناسی لە فەرهەنگە ئەدەبییەکاندا:**

لە فەرهەنگی (Le Robert)دا شێوازناسی پێناسە دەکات بەوەی ((توێژینەوەیەکی زانستییە بۆ شێواز، هەروەها توێژینەوە بۆ ڕێگاکان و دیاردەکان دەکات)).(Pour Tous, (1994), P: 1065) مەبەست لەم پێناسەیە: شێوازناسی توێژینەوەیە لە ڕێگەکانی نووسینەوەی بەرهەمی نووسەرەکان، هەر نووسەرێک ڕێگەیەکی تایبەت بە نووسینەوەی بەرهەمەکەی دیاری دەکات، ئەو ڕێگە تایبەتییەش (شێواز)ی پێ دەوترێت.

لە فەرهەنگێکی تری ئینگلیزی (Edward)دا شێوازناسی بەوە دەناسێنێت، کە ((لقێکی زمانەوانییە، توێژینەوە لە جیاکارییەکانی (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی) دەکات، ئەو جیاکاریی و گۆڕاوانەش؛ شێوازێکی دیاریکراو پێکدێنن)).(Quinn, (2006), P: 402) مەبەست لێی شێوازناسی بە لقێکی زمانەوانی داناوە بەوەی توێژینەوەیە لە پێکهاتەی دەقە ئەدەبییەکان لە (دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی)، بە ئاڵۆگۆڕکردنی هەریەکە لەم کەرەستانە لەنێو دەقی شیعردا؛ جۆرێک لادان دێنێتەکایەوە، هەر لادانێکیش جۆرێکی دیاریکراو و تایبەت لە شێواز بەرهەم دەهێنن.

**(١-٢-١-٢): پێناسەی شێوازناسی لای زاناو نووسەرو شێوازناسان:**

(ڕیفاتیر) شێوازناسی بەوە دەستنیشان دەکات و دەڵێت: ((ئەو زانستەیە، کە تایبەتمەندییە دیارە بەدەستهاتووەکان لە لای نێرەر ڕوون دەکاتەوە، ئەمەش کاریگەری بەسەر سەربەخۆیی وەرگرتنەوە لە لای بۆ نێردراو هەیە، بگرە تەرزێکی دیاریکراو دەسەپێنێتە سەر درککردن و تێگەیشتنی خودی بۆنێردراوەکە)). (Riffaterr, (1977), P: 146) لەم پێناسەیەدا ئاڕاستەو چۆنیەتی ناردنی پەیام ڕوون دەکاتەوە، هەروەها ئەرکی هەریەک لە نێرەرو بۆنێردراو دیاری دەکات، بۆ گەیشتن بە واتای دەقە ئەدەبییەکانیش؛ شێوازناسی هەڵدەستێت بەشیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی پەیامی نێرەرو گەیاندن و تێگەیشتن لە لای بۆنێردراو.

(فون درجا بلنتس) ئەو وەهای پێناسە کرد، کە ((شێوازناسی توێژینەوەیە لە شێواز لە ڕێگەی لادانە زمانی و ڕەوانبێژییەکانی دەقی ئەدەبی)). (مونان، (١٩٨١)، ص: ١٤١) هەتا وەکو ئێستاش لادان بڕبڕەی پشتی دروستکردنی شێوازە جۆراوجۆرەکانە، لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەکی زمانی جۆرێک لە لادان دروست دەبێت، هەروەک دەزانین کەرەستەی ئەدەب وشەیە، وشەش لە ڕێگەی زمانەوەیە دەقی ئەدەبی لەسەر بنیات دەنرێت.

(بیرجیرۆ) لە بارەی شێوازناسییەوە دەڵێت: ((شێوازناسی ئەمڕۆ، توێژینەوەی زمانە، هەروەها توێژینەوەیە لە گۆڕانکارییەکانی زمان، هەروەها توێژینەوەیە لە کاری داهێنەرانە)). (بیرجیرو (١٩٨٥)، ص٦) مەبەست لەمە توێژینەوەیە لەبنەما بنچینەییەکانی دروستبوونی دەقی ئەدەبی داهێنەر، واتە: شێوازناسی ئەو زانستەیە کار لەسەر ئەو دەقە ئەدەبیانە دەکات، کە داهێنانی تیایدا کرابێت و هەڵگری پەیامێکی نوێ و سوود بەخش و کاریگەر بن.

لە سەرچاوەیەکی ڕووسیدا شێوازناسی بەوە پێناسەکراوە، کە وا ((لقێکە لە لقەکانی زانستی زمان، کە لە شێوازە جیاوازەکانی ئاخاوتن و ڕێگە جیاوازەکانی دەربڕین و ئامرازەکانی زمان دەکۆڵێتەوە)) ,(Sachkova. (2012) .(P: 4 مەبەست لەمە؛ لە هۆکارەکانی پەیدابوونی ئاخاوتنی جیاجیاو شێوەو دەربڕینی جیاوازو ئەو بەشانەی ئاخاوتن و دەربڕینی جیاوازە، کە بە هۆی زمانەوە لەسەر بنیات دەنرێت؛ دەکۆڵێتەوە.

**(١-٢-٢): شێوازناسی لە تێڕوانینی عەرەبەکانەوە:**

**(١-٢-٢-١): پێناسەی شێوازناسی لە فەرهەنگە ئەدەبییەکاندا:**

لە فەرهەنگی ئەدەبی عەرەبی (جبور عبدالنور)دا هاتووە: ((شێوازناسی یان زانستی شێواز توێژینەوەیەکی زانستیانەیە، بۆ ڕێگە بەکارهاتووەکانی گوزارشتکردن لە بیروڕاکان، ئەمەش لە بابەتی خۆی جیا دەبێتەوە لە توێژینەوەی زمان، چونکە زانستی زمان (نوێ) پشت دەبەستێت بەو ئاخاوتنەی، کە ئاخێوەرەکان پێشکەشی دەکەن، یان نووسەرەکان دەینووسن، بەڵام زانستی شێواز ڕێگەمان پێشان دەدات بۆ وەرگرتنی ئەو ماددەیە؛ بۆ گەیشتن بەجۆرێکی دیاریکراو و کارتێکردن لەبیسەر یان خوێنەر بەو مەرجەی ئاخێوەرو نووسەر لەو ڕێککەوتنە دەرنەچن، کە زانایانی زمان بۆ واتاکانی وشەو ڕێزمان و وشەسازی و ڕستەسازی دەستنیشانیان کردووە)). (عبدالنور، (١٩٨٤)، ص: ٢٠-٢١) مەبەست ئەوەیە کاتێک شاعیر یان ئەدیب لادان دەکات، لادانەکەی بەو شێوەیە نەبێت کە هیچ پەیوەندییەکی بەبنەماکانی فەرهەنگ و زانستەکانی زمان نەمێنێت، چونکە؛ بۆنموونە: ئەگەر دەستکاری بنەما پێویستییەکانی ڕستە کرا، بە لادانی بەشێکی سەرەکی لە دوو بەشە سەرەکییەکانی کە بکەرو فرمانن، ئەو کاتە بە دەربڕین واتاکەی دەشێوێت. وەک بۆ نموونە: (ئەنوەر مەسیفی) نووسیویەتی:

لا گالا

گالا

گالا

گالا

گالا

گالا

گالا

گالا

گالا

گالا

گالا

گالا (مەسیفی، (٢٠٠٣)، ل: ٣٦-٣٧)

ئەم دەربڕینە لەبەر ئەوەی ڕێزمانی بنچینەیی تێکداوە، بۆ بەشێوازێکی سەلامەت لە گەیاندنی بیرو دروستکردنی کاریگەری لای خوێنەر ناژمێردرێت. چونکە بکەرو فرمان لەم دەربڕینە دیارنییە، ئەمەش لە لایەن شێوازناسان ڕەتکرایەوە، لەبەر ئەوەی تێکدانە نەک لادان، کە دادابییەکان دایانهێناوە.

هەروەها (جبور) لە درێژەی بیروڕاکەی لەسەر شێوازناسی دەڵێت: ((چەمکی نوێی زانستی شێواز لە دواییدا فراوان بوو و وایلێهات هەموو ئەو شتانە بگرێتەوە، کە پەیوەندییان هەیە بەزمانەوە لە دەنگەکان و شێوازەکان و وشەکان و دەستەواژەکان، بەمەش جۆرێک تێکەڵاوی لە نێوان زانستی شێوازو زانستەکانی وشەسازی و دەنگسازی و ڕستەسازی و واتاسازی و فەرهەنگدا دروستبوو، هەموو ئەمانەش بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکانی شێوازناسی و بەهێزکردنی پرەنسیپ و پرۆگرامەکانی، لە پێناو باشترکردنی وێناندنی بیرو وێنەو هەڵچوونەکان، هەموو ئەمەش بۆ گەیشتن بە ئەوپەڕی پلەکانی کارتێکردنی هونەری، بەمە لەم ساڵانەی دواییدا شێوازناسی وەک زانستێکی سەربەخۆ دەرکەوت)). (عبدالنور، (١٩٨٤)، ص٢١). بەوەی کە شێوازناسی توێژینەوە لەبەشەکانی زانستی زمان دەکات، بە مەبەستی گەیشتن بە بیرو پەیام و دەروونی نووسەر لە لایەک، گەیشتن بە جواییەکان و ڕاددەی هەڵچوون و کارتێکردنی خوێنەر لەلایەکی تر. بەڵام هەرچی زانستی زمانە ئەوا نووسەر بە هۆیانەوە دەسترەنگینی خۆی لەنێو دەقە ئەدەبییەکاندا دەبینێت، دەزانێت چەندە دەقەکە لادانی تێدا کرابێت، ئەوا ئەوەندە ڕێگەی دارشتنی جوانترو وێنەی شیعری جوان و سەرنجڕاکێش دەقەکە سەرنجڕاکێشتر دەکەن، ئەوەندەی تریش خوێنەر پێی کاریگەر دەبێت؛ وا دەکات پەیام بگات و لەگەڵیشیدا گۆڕانکاری بێنێتە کایەوە.

شێوازناسی لە فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییەکانی (د. سعید علوش)دا ((وانەیەکە، بابەتەکەی توێژینەوەیە لە شێوازەکان و تایبەتمەندییەکانی دەربڕینی زمانی، یان کێڵگەی ئەم توێژینەوەیە زمانەوانی دەربڕین، ڕەوانبێژی، شیعریەتی گێڕانەوەی سیمۆلۆژیانە، واتاناسی، دابەش دەبێت)). (علوش، (١٩٨٥)، ص: ١١٤) ئەم بەکارهێنانی زمانە ئەفراندن و داهێنان دەبەخشێت و شێوازەکانی دەربڕین دێنێتە بەرهەم؛ بە شێوەی هێماو هونەرە جوانەکانی ڕەوانبێژی بە دەردەکەون، ئەمەش بە وردبوونەوەو توێژینەوە پێی ئاشنا دەبین و دەبێتە وانەیەکی جوان و چێژبەخش، کە بە هۆی شێوازناسییەوەیە.

لە فەرهەنگێکی تری ئەدەبی (نواف نصار)دا هاتووە: ((شێوازناسی لقێکە لە توێژینەوەی زمانی، خاوەنانی ئەم ئاراستەیە بەکارهێنانی شێوازە زمانییەکان لە سیاقە سنووردارەکان بۆ بەرهەمهێنانی شێوازی ئەدەبی گوزارشتکار دەکۆڵنەوە، ئەمەش هەموو ڕوواڵەتەکانی دەربڕینی زمانی وەکو زمانەوانی و عەروزو ڕستەسازی و وشەسازی و .... دەگرێتەوە)). (نصار، (٢٠٠٧)، ص: ١٧) کە ئەمە لە لای هەموو زانایانی زمان، چ لە لای ئەرستۆو کۆنتێلان و سیروچ، هەروەها لە ڕەوانبێژی ئیسلامیش لە لایەن هەموو ڕەوانبێژەکانەوە وەکو: ( ئیبن معتز و تەفتازانی و جرجانی و جاحزو ....) هەموو ئەوانی تریشەوە، بە واتا کۆنەکەی زۆرتر کاری لەسەر کراوەو کەلتورێکی گەورەی توێژینەوەی شێوازییان دروستکردووە.

**(۱-۲-۲-۲): پێناسەی شێوازناسی لای زاناو نووسەرو شێوازناسان:**

لە لای (إبراهیم الرماني) شێوازناسی بەوە ناسێنراوە، کە وا ((زانستێکە بەها جوانەکانی کاری ئەدەبی ئاشکرا دەکات، ئەمەش بەسەرچاوەگرتن لە شیکاری دیاردە زمانی و ڕەوانبێژییەکانی دەق)). (الرماني، (۱۹۸۵)، ص: ٤١) سەرچاوەی درووستبوونی جوانییەکانی نێو دەقی ئەدەبی بە هۆی زانستەکانی زمان و زانستی ڕەوانبێژییەوەیە، بەڵام بە هۆی زانستی شێوازناسییەوە نەبێت دەقی ئەدەبی جوانییەکانی دەرناکەوێت، چونکە شێوازناسی توێژینەوە لەسەر بەشەکانی پێکهاتەی دەقی ئەدەبی دەکات لە پێناو گەیشتن بەو بەها جوانییەی، کە لەنێو دەقەکەدا کراوە.

(میشال شریم)یش بەمشێوەیە پێناسەی شێوازناسی کردووە: ((شیکردنەوەیەکی زمانەوانییەو بابەتەکەی لە شێوازو مەرجە بابەتییەکان و بنەما زانیارییە زمانەوانییەکان پێکدێت)).(شریم، (۱۹۸۷)، ص۳۷-۳۸) ئەم پێناسەیە دەربدەخات شێوازناسی لە کرۆک و ناوەرۆکی دەقمان بۆ دەردەخات، تیشک دەخاتە سەر مەرج و بنەما گرنگەکان، کە لە شیکردنەوەی دەقدا بەرجەستە دەبێت.

(فرحان بدري) بەمجۆرە پێناسەی دەکات ((شێوازناسی جەخت دەکاتەوە لەسەر توێژینەوە لە تایبەتمەندییە شێوازییەکان و وێنە شیعرییەکان و وەسف و خوازەکان و ئاوازو ئیقاعەکان لەگەڵ هەموو ئەو ڕەگەزدۆزی و دەنگانەی، کە ئەو ئاوازو ئیقاعانە درووستی دەکەن. هەروەها تایبەتە بە توێژینەوەی سیستەم و زمانی شیعری و ئەو تەمومژەی دێتە ناو زمانی دەق و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەفسانەو پەندو بەسەرهاتە پێشینەکان و بیجگە لە مانەش؛ هەندێکی لە باسەکانی ڕەوانبێژی کۆن وەرگرتووەو لە ڕەوانبێژیشی تێپەڕاندووە)). (الحربي، (۲۰۰۳)، ص: ۱۲). مەبەست لێی شێوازناسی لە هەموو ژانرە ئەدەبی و وردەکارییەکانی نێو دەقی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە، واتە: وردتر لە زانستەکانی تر کار لەسەر دەق دەکات؛ لە پێناو دۆزینەوە و گەیشتن بە بەها هونەری و جوانییەکانی دەق لە لادان و هەڵبژاردن و دەنگ و وێنەی شیعری و ڕیتم و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و .... تد.

(عدنان بن ذریل) لە بارەی شێوازناسییەوە دەڵێت: ((شێوازناسی زانستێکی زمانی نوێیە، لەو هۆکارە زمانیانە دەکۆڵێتەوە کە وا لە گوتاری ئاسایی ئەدەبی دەکەن، تایبەتمەندییەکانی دەربڕین و شیعرییەتی جودایان بۆ درووست بێت و لەغەیری خۆیان جیایان بکاتەوە)). (بن ذریل، (۲۰۰٦)، ص: ۱۳۱) ئەمەش بە هۆی لادان لە یاساکانی زمان ڕوو دەدات و ئاخاوتنی ئاسایی بە ئەدەبی دەکەن، بە واتای هەر دەرچوونێک و تێکشکاندنێک لە بەشەکانی زمان؛ جۆرێک لە شێوازی دەربرین درووست دەبێت، ئەمەش وا دەکات زمانێکی تایبەتی شیعری درووست ببێت و جیا بکرێتەوە لە هەر دەرچوونێکی تر لە ڕێساو بە نەماکانی زمان، واتە: شێوازناسی بریتییە لە پێکەوە گونجاندنی نێوان بیر و دەربڕین، ئەوەی لە بیر هەیە شاعیر بە هۆی زمانەوە دەربدەبڕێت بەشێوەیەک کە پێشتر بەرچاو نەکەوتبێت و جیا بێت لە زمانی ئاخاوتن.

**(۱-۲-۳): شێوازناسی لە تێڕوانینی کوردەکانەوە:**

**(۱-۲-۳-۱): پێناسەی شێوازناسی لە فەرهەنگە ئەدەبییەکاندا:**

لە فەرهەنگی ئەدەبی کوردی (سەلام ناوخۆش)دا هاتووە؛ شێوازناسی ((بریتییە لە توێژینەوەی شێواز لە زماندا لە نووسینی جیایی لە نێوان دەقی ئەدەبی و دەقی تر، کەچی لە نوێدا شێوازگەری بریتییە لەجیایی سیستیماتیکی لە نووسین و ئاخاوتندا، کە پەیوەستن بەجۆری دیسکۆڕس و کۆنتێکسدا)). (ناوخۆش، (۲۰۱٤)، ل: ۳۰٦) بەمشێوەیە شێوازناسی بووەتە پردی پەیوەندی نێوان زمان و ئەدەب، پێوەرە زمانەوانییەکانی تیادا بەکاردەهێنرێت و جیاکاری لە نێوان زمانی نووسین و ئاخاوتن دەکات.

**(۱-۲-۳-۲): پێناسەی شێوازناسی لای نووسەران و شێوازناسان:**

(نعمت الله حامد) لە پێناسەی شێوازناسیدا وتوویەتی: ((شێوازگەری ئەو زانستە، ئەوێ شێوازێ بەرهەمی ڤەدکۆلیت و سیماو تایبەتمەندیێن وێ ئەشکەرا و دیار دکەتن، بێ کو بڕیارێ ل سەر وی بەرهەمی بدەتن، ئانکو بەرهەمی ناهەلسەنگینیت)). (نهێلی، (۲۰۰۷)، ل: ۵۲) مەبەست لێی شێوازناسی توێژینەوە لە بەرهەمەکان دەکات و سیماو تایبەتمەندییەکانی نێو دەقی ئەدەبی ئاشکرا دەکات، بەڵام بڕیار بەسەر دەقەکە نادات وەک لە ڕەخنەی ئەدەبی بڕیار بەسەر دەقەکەوە دەدرێت، هەروەها بەراوردی بەرهەمە ئەدەبییەکان لەگەڵ یەکتریدا ناکات، تەنیا بەشیکردنەوەو دەرخستن وازدەهێنێت.

(د. ئیدریس عەبدوڵلا) لە پێناسەی شێوازناسیدا دەڵێت: ((شێوازگەری زانستی شێوازە، واتە: زانستی توێژینەوەی دەق و وەسفی ئەو ڕێگەیەیە، کە دەربڕینی تیا خراوەتەروو، دیارە ئەوەش یەکێکە لە بوارەکانی ڕەخنەی ئەدەب، کەجیا لە هەر لایەنێکی کاریگەری کۆمەڵایەتی، یان سیاسی، یان ئایدۆلۆجی، یان هەر لایەنێکی پەیوەست بە دەق، بنیاتی زمانی دەقی ئەدەبی لە بەرچاو دەگرێت و لەو دەکۆڵێتەوە، ئەمە چونکە شێوازگەری نوێترینی ئەو زانستانەیە کە لە سەردەمی نوێدا لەزانستەکانی زمان پەیدابووە)). (مستەفا، (۲۰۱۰-۲۰۱۱)، ل۱۵). لەمەدا شێوازناسی بەڕەخنەی ئەدەبی بەستراوەتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا جەخت لەسەر لێکۆڵینەوە لە بنیاتی زمان دەکات، کە دەقی ئەدەبی لەسەری درووستبووە.

لە لایەکی تریش (د. ئیدریس) لە بارەی شێوازناسی وتوویەتی: ((شێوازگەری بریتییە لەو زانستە نوێیەی لە تایبەتمەندییە زمانییەکانی گوتاری ئەدەبی دەکۆڵێتەوە، حەقیقەتی ئەو شێوازانە دەردەخات، کە نووسەرەکان لە نووسینی دەقەکان پەیڕەویان لێکردووە)). (مستەفا، (۲۰۱۳)، ل: ۱۱) مەبەست دەرخستنی ئەو ڕێگەیەیە، کە نووسەرەکان لە نووسینی بەرهەمە ئەدەبییەکانیان گرتوویانەتەبەر، ئەمەش بەتوێژینەوە لەسەر ئەو پێکهاتەیەی، کە دەقەکەی لەسەر بنیات نراوە.

**بەگشتی؛ شێوازناسی:**

بریتییە لە زانستی توێژینەوە لە تایبەتمەندییەکانی ئاخاوتن و ئەدەب، هەروەها ڕاددەی کاریگەری ئەو شێوازانە لە بیسەر، هەموو ئەمەش لە ئەنجامدا بۆ باشترکردنی شێوازەکانی بەرهەمهێنانی پەیوەندییەکی باشتر لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، هەروەها لە نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە.

**بەشی دووەم: شێواز و شێوازناسی ئەدەب:**

**تەوەری یەکەم/ لە بارەی شێوازەوە:**

بۆ گەیشتن بە واتای وشەیی شێواز؛ بەمشێوەیەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

**(۲-۱-۱): شێواز لە ڕووی (وشە)وە:**

شێواز لە ڕووی فەرهەنگەوە، لە زمانی فەڕەنسیدا؛ وشەی (Style) لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی لاتینی (Stilus)ە، لە سەرەتادا بە واتای ئامێرێکی ڕەق و تیژ هاتووە، لە کۆن ئەو ئامێرەیان بۆ نووسینی بە دەست بەکاردەهێنا، بەڵام دواتر بە واتای تۆمارکردنی چالاکییەکان بە دەستی خودی خۆیان هاتووە،(Pour Tous, (1994), P: 1065). پاشان تێبینییان کرد بنچینەی

وشەی (Stilus)ی لاتینی لە ڕووی دەربڕین و نووسین لە وشەی (Stulos)ی ئەغریقی (١٨٣٦م) نزیکە، بە واتای ستوون دەهات، دواتر گۆڕا بۆ واتای ئامێری نووسین ئەویش (پێنووس – قەڵەم)ە. (Larousse, (1977), P: 1310)
.

لە زمانی ئینگلیزیدا (Style)ی پێ دەوترێت و چەندین واتای بۆ بەکارهێنراوە، هەروەک لە فەرهەنگی ئینگلیزی (Thomas)دا (Style) ئاماژەیە بۆ (نەقشی سەر مۆم)، بریتییە لە ئامێری نووسین لەسەر تەختەی مۆم، ئەمەش ئاماژەیە بۆ وشەی (Stylus)ی لاتینی بە واتای هەڵکۆڵین و تۆمارکردن دێت. (Sebeak, (1986), P: 1022).

هەروەها وشەی لاتینی (Stylus) بە ئامێرێک دەوترا، کە لە ئاسن درووستکرا بوو، ئەو ئامێرە دوو سەری هەبوو؛ سەری یەکەمی تیژ بوو، بۆ نەخشاندنی نامە لەسەر تەختەی مۆم بەکاردەهات، سەری دووەمیشی ڕاست و پان بوو، بۆ ڕاستکردنەوەو لابردنی ئەو نەخشانە بوو، کە پێشتر درووست کرا بوون.

مانای وشەی شێواز؛ بەربڵاوەو بە گەڵێک شێوە خۆی پیشان دەدات، هەندێ جار بە مانای زمان و نوسین دێت. هەندێ جاریش بە واتای ڕێگەی دەربڕینی بیرە بە هۆی زمانەوە. بەڵام بەشێوەیەکی تایبەت ئەو وشەیە (شێواز) بە واتای ئە ڕێگە تایبەتیە دێت؛ کە بۆ نووسینی نووسەرێک لە نووسەران بەکاردێت. هەروەها بە مانای ڕیگەی دەربڕین لە لایەن کۆمەڵێک ئەدیب دێت. یان بە مانای هەڵبژاردنی وشەو ڕێگەی باش دێت و دەبێت بەشێوازی وەڵامدانەوەو گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسانی تر. (القضاة، (١٩٩٨)، ص: ١٢٦).

لە فەرهەنگی (Katie)دا ئاماژە بەوە کراوە (Style)ی پێدەڵێن کە لە (Stylus) وەرگیراوەو ئامرازێکی نووسین بووە، واتە: جۆرێک لە پێنووس بووە، دواتر ماناکەی بۆ (چۆنیەتی نووسین)گۆڕدراوە. بەمەش شێواز بریتییە لە ڕێگە جیاجیاکانی دەربڕین لە نووسین و ئاخاوتن.(Wales, (2011), P: 398 ).

لە (فەرهەنگی ئازادی)دا بەشێوازێکی جوان بۆ ڕۆیشتوو باسی (Style) ی کردووە: (( لە زمانی ئینگلیزی (Style) وەکو ناو بەمانای : (١) ئامێرێکی نووک تیژە، پێشینان شتیان پێ دەنووسی لەسەر تەبەقی مێو، (٢) پێنووس، قەڵەم، (٣) أ- شێوەی نووسین یان داڕشتن، ب-شێواز (هونەر)، شێوەی هێنانەدی بەرهەمێکی هونەری، (٤) شێوازی جوانی و چاکی، نایابی شێواز،..... )). (قەرەداخی، (٢٠٠٦)، ل١٠١١). بەو واتایەی جێهێشتنی پاشماوەیەک بۆ ناسینەوە، یان شێوازی داڕشتنی بەرهەمی هونەری، یان ئاکاری جوانە؛ واتە: شێواز سەرجەم کایەکان دەگرێتەوە؛ هەر لەهەڵسوکەوتی ڕۆژانەوە تا نووسینی بەرهەمێکی ئەدەبی.

لە فەرهەنگی عەرەبیشدا (الأسلوب)یان لە بەرامبەر وشەی (Style) بەکارهێناوەو چەندین واتای بۆ دەربڕاوە، لەوانە:

لە فەرهەنگی ( الوجيز )دا ((شێواز ڕێگەیە، کە دەڵێین ڕێگەی فلانە کەسم گرتۆتەبەر، یان ئەو ڕێگەیەیە نووسەر لە نووسینەکانی دەیگرێتەبەر)). (ضيف، (١٩٨٠)، ص: ٣١٦). بە هۆی ئەو ڕێگەیەوەیە نووسین و هەڵسوکەوتەکان لە یەکتر جیا دەکرێنەوە، گرتنەبەری ڕێگەی کەسێک؛ ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو؛ کە ئەو کەسە کەسێکی ڕەوشت جوانە.

لە فەرهەنگی (المصباح)دا ((شێواز ڕێگەو هونەرە، کە دەڵێن ئەو لەسەر شێوازێک لە شێوازەکانی نەتەوەدا تێدەپەڕێت)). (الفيومي، (١٩٨٧)، ص: ١٠٨). مەبەست لێی پابەندبوونە بە دابوونەریتی کۆمەڵگە.

لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا ((شێواز واتای ڕێڕەوێکی درێژە، یان ڕێزێک لە دار خورمایە، شێوازیش: ڕێگە یان ڕوو یان ڕێباز، دەگوترێت ئێوە لەسەر شێوازێکی خراپ دان، یان ئەو کەسە لەو شێوازەی وەرگرتووە، یان لەو شێوازەدا یەکسانن، واتە: بەهەمان ڕێباز هەڵسوکەوت دەکەن، یان بەهەمان ڕێگەدا دەڕۆن، یان هەمان مەبەستیان لە گەیاندندا هەیە)). (ابن منظور، (٢٠٠٨)، ص: ٢٢٥). شێواز بۆ بوارە جیاجیاکان بەکارهێنراوە، هەروەک دەوترێت: (شێوازی ژیان)، شێوازی وێنەکێشان)، (شێوازی نووسین)، (خليل، (١٩٩٧)، ص: ٧٤). بەمەش شێواز پەیوەستە بە سەرجەم بووارەکان.

لە زمان و ئەدەبی فارسیدا (سبك) لە بەرامبەر وشەی (Style)دا هاتووە، بە واتای ڕێبازێکی تایبەتی بۆ تێگەیشتن و تێگەیاندن بە هۆی ڕستەی لەبارو گونجاو و هەڵبژاردنی وشەو شێوەی توێژینەوەیەکی تایبەتی بۆ تێگەیاندنی خوێنەر. (بهار، (٢٥٣٥)، ص: د). بە واتای گەیاندنی پەیام بۆ خوێنەر، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە وشەکان هەڵبژێردراو بن، تاوەکو بە باشی پەیام بەخوێنەر بگات.

لە فەرهەنگی کوردیشدا (شێواز) لە بەرامبەر وشەی (Style)دا هاتووە، گەلێک واتای بۆ دانراوە، لەوانە:

لە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە)دا بە واتای (( شكل (شێوە)و تەرح (پێشنیارکردن)، راهاتن و هيئت و قافيه)). (هەژار، (١٣٨٨)، ل٥٠٢). ئەو ڕێی و شوێنە تایبەتە دیاریکراوەی پێشکەش بەکەسێک دەکرێت؛ بۆ ئەوەی تیایدا سەرکەوتن بەدەست بێنێت، یانیش ئەو ڕێگەیەیە، کەسەکە بۆ جێبەجێکردنی کاروباری ڕۆژانەی دەیگرێتەوەبەرو تواناو لێهاتووە لە بەرامبەر ڕاپەڕاندنی کارەکانیدا، ئەمەش بۆ ئەو شێوازە دەگەڕێتەوە، کە پەیڕەوی لێدەکات.

لە (فەرهەنگی کوردستان)دا بە واتای ((شکل، شەرم، ئەدەب، ئاکارو شێوە)). (موکریانی، (١٩٩٩)، ل٦٥٨). لەمەشدا شێواز بە ڕوشت و کاروکردەوەی جوانەوە ناسێندراوە.

لە (فەرهەنگی شیرین)دا واتای ((چۆنیەتی، ڕەفتار، ڕێگە، شێوە)). (نظام الدين، (٢٠٠٧)، ل٣١٨). بە واتای ئەو ڕێچکەیەیە، کە هەڵسوکەوتی خۆی تیادا دەنوێنێت.

لە (فەرهەنگی ئۆکسفۆرد) بەرامبەر بە وشەی (Style) واتای (( شێوە، ئەدگارێکی جیاواز، ڕوخساری گشتی، جل و بەرگی مۆدێل)). (ناوخۆش، (٢٠٠٣)، ل٣٣٣). لێرەدا شێواز بەخو و ڕەوشتی جوان و سیماو پۆشاک بەستراوەنەوە.

لە (فەرهەنگی مهاباد)دا بە واتای ((ئەدەب، وقار، تربیە)). (موکریانی، (٢٠١٢)، ل٣١٤). بە مانای پەروەردەی شیاو گونجاو دێت کە لەنێو کۆمەڵگە ڕێگە پێدراوە.

لە لای کورد شێواز هەر لە کۆنەوە تا ئەو ٢٠ -٣٠ ساڵەی ئێستا وشەی (أسلوب) بەکارهێنراوەو هەر بۆباری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دەروونی و ......، شێواز هونەری دەربڕینە لە خودی خۆی و دەوروبەریی و تەواوی ژیان، ڕێگەی ژیانکردن جۆراوجۆرەو بەپێی تاکەکانی نێو کۆمەڵگەوە دەگۆڕێت، هەروەها بەپێی کات و شوێنیش گۆڕانکاری بەسەرداردێت، هەر تاکێک بەپێی ئاستی تێگەیشتن و وشیاری خۆی و ئەو بارە کۆمەڵایەتییەو ڕۆشنبیرییەی، هەیەتی شێوازەکەی دیاری دەکرێت.

به کورتی شێواز لە ڕووی فەرهەنگەوە: شێوە، یان هەڵسوکەوتێکی تایبەت، یان ڕەفتارو ڕێگەیەکی دیاریکراوە، تاک پێی دەناسرێتەوە.

**(٢-١-٢): شێواز لە ڕووی (زاراوە)وە:**

شێواز لەم ڕووەوە، واتە: شێوازەکانی بەکارهێنانی زمان. بۆیە پێناسەی شێواز گەلێک زۆرو فراوانەو هەر یەکێک لەزاناو توێژەران و نووسەران و شێوازناسان بەپێی بیروبۆچوون و تێڕوانینی خۆیان ناساندوویانە؛ لەوانە:

**(٢-١-٢-١): شێواز لە تێڕوانینی ئەوروپییەکانەوە:**

**(٢-١-٢-١-١): پێناسەی شێواز لە (فەرهەنگە ئەدەبییەکاندا:**

لە زمانی فەڕەنسیدا شێواز وا پێناسەکراوە، کە ماناکەی بەپێی سیاقەکەی دیاریدەکرێت، هەر سیاقێک واتایەکەی تایبەت و دیاریکراو دەدات بە دەستەوە، هەروەک؛ لە فەرهەنگی(Petit)دا هاتووە ((شێواز ڕێگەیەکی تایبەتە بۆ نووسین و گوزارشتکردن لە بیر، یان بۆچوونێکی گوزارشتکارێکی بەدەستهاتووە لە لایەن بیرمەندو نووسەرو داهێنەر؛ بە شێوەیەک توانای جیاکردنەوەی ڕاو و بۆچوونەکانیان هەیە)).(Larousse, (1987), P: 880) هەر دەربڕینێک لە بیر جۆرێک و شێوەیەکی تایبەت درووست دەکەن، بە هۆی هاتنی وشەکان بە دوای یەکدا؛ سیماو ڕێگەی جیا درووست دەبێت، لە هەمان کاتدا واتای تایبەت و جیاکراوە دەبەخشن.

لەفەرهنگێکی تری فەڕەنسی (Jean)دا شێواز بریتییە لە ((بەکارهێنانی توانای هوشیاری بۆ هەڵسەنگاندنی نووسەر)).(Dubois, (1999), P: 448) مەبەست لەمە هەڵسەنگاندنی نووسەر لەبەئاگایی بوون و تواناو لێهاتوویی لەداهێنانی بەرهەمی ئەدەبیدا.

لە فەرهەنگی ئینگلیزی (Cuddon)دا شێواز بریتییە لە هەر ڕێگەیەکی تایبەتی دەربڕین لە شیعر، یان بریتییە لەوەی چۆن نووسەرەکان شتەکانی ناخیان بنووسن، شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی شێوازەکان پەیوەستە بە شیکردنەوەی وشەکان کە نووسەر هەڵیبژاردووە، لەوانە: (هونەرەکانی ڕەوانبێژی، شێوەی داڕشتنی ڕستەکان، .....)هەموو ئەو لایەنانەی چۆنیەتی زمانی تیادا بەکارهێنراوە.(Cuddon, (2013), P: 688) بیرکردنەوەی نووسەرانە لە چۆنیەتی داڕشتن و بە وشەکردنی ناخیان و هەڵبژاردنی ئەو ڕێگەیەی، کە بە گونجاوی دادەنێن بۆ گوزارشتکردنی دەروونیان؛ ئەمەش بە هۆی زمانەوە دەخرێتەڕوو، دیاریکردنی بەهێزو جوانی شێوازەکان دەوەستێتە سەر دەست ڕەنگینی نووسەرکان؛ لە چۆنیەتی بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و درووستکردنی وێنەی هونەری و ..... تد لە داڕشتنی دەقە ئەدەبییەکانیاندا؛ شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکانیش؛ بەندە بەبوونی چەندێتی هونەرەکان وهەڵبژاردنی ئەو وشانەی شاعیر لە شیعرەکانی، نووسەر لە نووسینەکانی،...... لە دەقەکانیاندا بەکاریانهێناوە.

**(٢-١-٢-١-٢): پێناسەی شێواز لای زاناو نووسەران و شێوازناسان:**

نووسەری ئینگلیزی (Pierre) پێی وایە شێواز کۆمەڵەیەک، یان ژمارەیەک توانایە، کە زمان لەنێو خۆیدا هەڵیان دەگرێت، چونکە زمان بنیاتێکە لەسەر ئەدیب پێویستە بەرهەمی بێنێت و زۆرترین تواناکانی زمانەکان بۆجوانترکردنی دەربڕین لە لایەن نووسەری سەرکەوتوو، یان ڕازێنەرەوەی جوان سوودی لێ وەربگرێت. (Guiraud, (1969), P: 43-60) ئەم پێناسەیە توانای زمان دەردەخات، بەوەی کە زمانە توانای نووسەرەکان دەنووسێتەوەو دەرخەری جوانییەکانی نێو دەقە ئەدەبیەکانە، لە پێناو سەرنجڕاکێشبوونی دەقە ئەدەبیەکەیە تاوەکو خوێنەر خێراتر بە پەیامی نووسەر ئاشنا بێت.

(کۆنت بۆفۆن)ی فەڕەنسی دەڵێت: ((شێواز ئینسانە)). (بیرجیرو، (١٩٩٤)، ص: ٣٨). لەوەشدا مەبەست لەوەیە کە هەموو ئینسانێک ڕێگەیەکی تایبەتی لە دەربڕیندا هەیە.

شێواز لە تێڕوانینی (کلودال)ەوە ((بریتییە لە ئاوازی کەسایەتی ئینسان، هەروەکو چۆن دەنگەکەی ئاوازەیەکی هەیە و لەنێو ئاوازەی دەنگی خەڵکانی تر ون نابێت، بەهەمان شێوە، شێوازەکەشی لەنێو شێوازی کەسانی تر ون نابێت)). (المسدی، (٢٠٠٦)، ص: ٥٤) واتە: شێواز ڕۆڵێکی گرنگی هەیە؛ لەناسینەوەی کەسەکان و جیاکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکان بەتایبەت.

(بیرجرۆ) دەڵێت: ((شێواز بریتییە لەڕێگەیەکی گوزارشتکردن لە بیر، بە هۆی زمانەوە)). (بیرجیرو، (١٩٩٤)، ص: ١٠). مەبەست لێی بە هۆی زمانەوەیە، ئەو بیرکردنەوانەی نووسەر هەیەتی دەردەبڕدرێن.

(شارل بالی) دەڵێت: ((شێواز بریتییە لە کۆمەڵەیەک لە ڕەگەزە کاریگەرەکانی زمان، لەسەر بیسەر یان خوێنەر)). (فضل، (١٩٩٨)، ص: ٩٧). بە واتای ڕەنگدانەوەی دەربڕینەکانی نووسەر لەسەر خوێنەر، هەر چەند وشەو هەڵبژاردن و ڕیزکردنیان بە هۆی زمانەوە جوانتر بێت؛ ئەوەندەیتر کاریگەرییەکەی بەسەر بیسەرو خوێنەر زیاتر دەبێت.

(سیدلێر) دەڵێت: ((شێواز سروشتی کاری زمانی و تایبەتمەندییەکانیەتی، ئەمەش کارێکی سۆزاوییەو لەهەر دەقێکدا بە هۆی بەکارهێنانی زمانەوە ڕوودەدات )). (فضل، (١٩٩٨)، ص: ٩٨). مەبەست لەم پێناسەیە؛ شێواز ئاوێنەیەکە لە کەسایەتی و بیروچۆونی نووسەر، گوزارشتکردن و ڕەنگدانەوەو گەیشتن بە کرۆکی مەبەستی نووسەر بە هۆی زمانەوەیە.

**(٢-١-٢-٢): شێواز لە تێڕوانینی عەرەبییەکانەوە:**

**(٢-١-٢-٢-١): پێناسەی شێواز لە فەرهەنگە ئەدەبییەکاندا:**

لە فەرهەنگی زاراوەی زمان و ئەدەبی عەرەبی (مجدی و کامل)دا ((شێواز بریتییە لە ڕێگەی ئینسان بۆ گوزارشتکردن لەدەروونی خۆی لە ڕێگەی نووسینەوە)).(وهبە، (١٩٨٤)، ص: ٣٤). نووسەر بە هۆی نووسینەکانیەوەیە دەربڕین لەدەروونی خۆی دەکات، ئەمەش یارمەتی نووسەر دەدات لە خالیبوونەوەی ئەو بارە دەروونییەی، کە لە ناخیدا پەنگی خواردبوویەوەو ئازاری پێ دەچێشت، واتە: ڕێگەیەکیشە بۆ ڕزگاربوون لە کێشە دەروونییەکان و بەیان کردن و گەیاندنی بەخوێنەران بەڕێگەیەکی تایبەتی جوان داڕێژراو.

لە فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییەکانی (إبراهيم فتحی)دا ((شێواز تایبەتمەندییە جیاوازەکانی دەقی ئەدەبییە، کە زیاتر پەیوەستە بەشێوەی دەربڕینی ئەدەبی بۆ ئەو بیرەی، دەقەکەی لەسەر دادەمەزرێت، یانیش ڕێگەی پەخشکردنی بیرە لەنێو وشەدا)). (فتحی، (١٩٨٨)، ص٢٨). لەمەدا شێواز تایبەت کراوە بەنووسین و داڕشتنی بەرهەمی ئەدەبی و گەیاندنی بیر بە ڕێگەی نەخشاندنی لەنێو وشەکاندا.

لە فەرهەنگێکی تری زاراوە ئەدەبییەکانی (نواف نصار)دا واهاتووە ((شێواز شێوەیەکی دەربڕینە لە بیر، یان ئاخاوتنە بە هەڵبژاردنی وشەو دەربڕینی تایبەت و ڕیزکردنیان بەمشێوەیەی، کە لە بیری نووسەرەکەیە، لەگەڵ سوود وەرگرتن لە خەیاڵ و وێنەو سۆز بۆ ئەوەی زۆرترین کاریگەری لەسەر خوێنەر، یان بینەر، یان بیسەر درووست بکات، بە شێوەیەک هەموو ئەمانە ببنە سیمای جیاکەرەوەی کەسێک، یان کۆمەڵە کەسێک، یان سەردەمێک)). (نصار، (٢٠١١)، ص: ٢٥) لەم پێناسەیدا باس لەو خالە جەوهەریانە کراوە، کە دەبنە هۆی جیاکردنەوەی نوسین و ئاخاوتنەکان لە

لای وەرگر، ئەمەش لەبەر ئەوەی بیرکرنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لە یەکتر ناچێت، هەر یەکەیان شوێن پەنجەیەکی تایبەت بەخۆی لە لای خوێنەرو بیسەرو بینەر دەستنیشان دەکەن.

**(٢-١-٢-٢-٢): پێناسەی شێواز لای زاناو نووسەران و شێوازناسان:**

نووسەری عەرەبی (رئيف خوری) تێڕوانینی خۆی لە بارەی شێواز نووسیوەو وتوویەتی ((شێواز ئەو سیما تایبەتەیە، کە باڵ بەسەر بەرهەمی ئەدەبیدا دەکێشێت، بەرنامەی ئەو لە گەیاندندا بەشێوەیەکی تایبەت لە غەیری خۆی جیا دەکاتەوە)). (خوری، (١٩٥٩)، ص: ١٣٣) بوونی خەسڵەت و سیمای تایبەت لە بەرهەمی ئەدەبیدا، پەیامی جیاکراوە لەنێو خۆیدا هەڵدەگرێت، ئەمەش وایلێدەکات لە بەرهەمێکی تری ئەدەبی جیا ببێتەوە، واتە: هەر ژانرێکی ئەدەبی بە هۆی کۆمەڵێک سیما دەناسرێتەوەو ئەو سیما تایبەتیانە وا دەکەن لەویتر جیا بکرێنەوە.

شێواز لە لای نووسەری عەرەبی (توفيق الحكيم)دا بەوە پێناسەکراوە کە ((داهێنانێکی هونەرییە، ئەوەیە کە وا تۆ ....تۆ بیت.....واتە: تۆ خودی خۆت بەدی بێنیت، ئەوەیە تۆ دەنگی خۆتمان پێ بگەیەنێت)). (الحكيم، (١٩٧٧)، ص١٢-١٣) مەبەست لێی لە کاتی داهێنانی دەقی ئەدەبیدا وا پێویستە نووسەر بەپێی ویست و بیروبۆچوونی خۆی ڕێگەیەکی تایبەت بەخۆی دەیاری بکات کە لە ڕێگەیەوە پەیامی تایبەت بەخودی خۆی بگەیەنێت و ببێتە هۆی ناسینەوەی کەسایەتی نووسەرەکە.

لەتێڕوانینی نووسەرێکی تری عەرەبی (أحمد الشايب)دا ((شێواز ڕێگەی بیرکردنەوەو وێناکردن و دەربڕینە)). (الشايب، (١٩٩١)، ص: ٤٥). واتە: نەخشەدانان بۆ داڕشتن و دەربڕینی ئەو بیرۆکەیەی کە لە بیر دایە، ئەمەش ڕێگەیەکی دیاریکراو و تایبەت بۆ خاوەنەکەی دەستەبەر دەکات، هەر بە هۆی ئەم ڕێگەیەوە دەناسرێتەوەو لەوانی تر جیا دەکرێتەوە.

(صلاح فضل) لەبارەی شێوازەوە دەڵێت: ((تێگەیشتن لە شێواز ڕووکەش و ئاسان نییە)). (فضل، (٢٠١٣)، ص: ٩٠) بەو واتایەی تا لێی نەکۆڵرێتەوە بەو ڕێگە دیاریکراوەی نووسەر ئاشنا نابین.

**(٢-١-٢-٣): شێواز لە تێڕوانینی کوردەکانەوە:**

**(٢-١-٢-٣-١): پێناسەی شێواز لای زاناو نووسەران و شێوازناسان:**

لە زمان و ئەدەبی کوردیشدا هەر لە کۆنەوە باس لە شێواز کراوە، هەروەک (شێخ نوری) لە بارەی شێوازەوە وتوویەتی ((ئوسلوب بەو تەرزی مەخسوسی بەیانیە دەڵێن کە هەر خەتیبێک یاخود هەر موحەڕرێک ئەوەی لە دەماغیایەتی ئیفادەی ئەکات، هەموو خەتیبێک مالکی تەرزێکی مەخسوسی بەیانە)). (ساڵح، (١٩٢٦)، ژ: ٤٠). شێواز لێرەدا تایبەتمەندییەتی نووسەرە، بە هۆی ئەو ڕێگەیەی، کە چۆنیەتی بیرکردنەوەی خۆی تیادا نەخشاندووە، هەر ئەمەشە وا دەکات هەر نووسەرو ئەدیبێک خاوەنی ڕێگەو شێوازێکی داڕشتنی تایبەت بن.

لەلایەکی تر (د. عزیز گەردی) باسی شێوازی نووسین دەکات و دەڵێت: ((بریتییە لەو ڕێ و شوێن و ڕەنگ و ڕووخسارەی، کە نووسەر لەنووسیندا هەیەتی، ئەویش جۆری بیرکردنەوەو هەست و نەست و گودازو وشوبازی و داڕشتنی ڕستەو هەر شتێکی دی دەگرێتەوە کە پەیوەندی بەنووسەرو نووسینەکەیەوە هەبێت)). (گەردی، (١٩٧٩)، ل: ٩). واتە: جۆری بیرکردنەوەو بوونی هەست و نەست و سۆزی نووسەر، جۆری وشەکان و ڕستەکان دەستنیشان دەکات و بەپێی ڕێگەیەکی تایبەت لە لایەن نووسەرەوە لەداڕشتنی بەرهەمەکەیدا دەنووسرێتەوە.

(حەمە نوری) لە بارەی شێوازەوە دەڵێت: ((شێواز لەبابەتە ئەدەبییەکاندا بۆ دەربڕین و گوزارشتکردن و چۆنیەتی گەیاندنی بیرو مەبەستی یا چۆنیەتی دووان و قسەکردن یا نووسین بەکارهاتووە، جگە لەمە لە بابەتی زانستیشدا زاناکان (شێواز) بەکاردێنن بۆ ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی)). (کاکی، (٢٠٠٨): ل١٤). بەپێی ئەم تێڕوانینە شێواز سەرەڕای ئەوەی، کە ڕێگەیەکە بۆ گوزارشتکرن و نووسین، هەروەها ڕێگەیەکیشە بۆ نووسنی توێژینەوەی زانستی لە لایەن توێژەرەوە، واتە: سەرەڕای بابەتی ئەدەبی بۆ بابەتی زانستیش بەکارهێنراوەو سوودی لێوەرگیراوە.

لە پێناسەیەکی تری (حەمە نوری)دا ((شێواز بریتییە لە ڕێگەیەکی تایبەت، کە نووسەر یان شاعیر بەهۆیەوە لە داڕشتنێکی تایبەت بەخۆی و زمانەکەیەوە بیرەکانی پێ دەردەبڕدرێت)). (کاکی، (٢٠٠٨): ل٢٦). لەمەشدا باس لەو ڕێگە تایبەتە دەکات، کە وا نووسەران و شاعیران بە هۆی زمانەوە گوزارست لە بیرەکانیان دەکەن.

شێواز لەتێڕوانینی (پەخشان عەلی)دا بریتییە ((لە بواری ئەدەبیدا بۆ دەربڕین و گوزارشتکردن لە لایەن نووسەرەوە بەکاردێت، بۆ گەیاندنی هەست و سۆزو بیروبۆچوونەکانی بە ڕێگەیەکی تایبەت بەخۆی، کە ئەمە لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر جیاوازی هەیە یاخود یەک جۆرە شێواز لە لایەن کۆمەڵێک نووسەرەوە دووبارەو چەند بارە دەکرێتەوە)). (ئەحمەد، (٢٠٠٩)، ل: ١٤-١٥). مەبەست لێی شێواز ئەو ڕێگەیەیە، کە بۆ بەرهەمی ئەدەبی بەکاردێت؛ تیایدا دەربڕین لەهەست و سۆزی نووسەر دەکرێت، هەروەها ئەم نووسەرە ڕای وایە؛ تاکە ڕێگەیەک لە لایەن چەندین نووسەرەوە بۆ چەندین جار بەکاربهێنرێتەوە.

(د. ئیدریس عەبدوڵڵا) لە پێناسەی شێوازدا دەڵێت: ((شێواز بریتییە لە گەیاندنی تاکە واتا بەدەربڕینی لە یەک جیا)). (مستەفا، (٢٠١٢)، ل٩). ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەر نووسەرێک بەپێی تێڕوانین و گۆشەنیگای خۆیەوە دەربڕین لە واتا دەکات.

**بەگشتی شێواز:**

بریتییە لەو ڕێگە دیاریکراو و تایبەتەی نووسەرو ئەدیب و شاعیران؛ کە تیایدا گوزارشتکردن لە بیرو کەسایەتی و هەست و سۆزو بارە دەروونییەکانیان دەکەن و دەبێتە هۆی ناسینەوەیان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەو وشەو دەستەواژە جوان و سەرنجڕاکیشانەی، کە لە کاتی نوسینیان دایدەڕێژن، ئەمەش لە پێناو کاریگەربوون و سەرنجڕاکێشانی خوێنەردا.

**تەوەری دووەم/ شێوازەکانی زمان و شێوازەکانی ئەدەب:**

دەشێت شێوازەکان؛ شێوازی زمان بن، یان شێوازی ئەدەب.

شێوازەکانی زمان؛ بەپێی فەرهەنگ و یاساکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی بەرهەم دێن، بەڵام شێوازەکانی ئەدەب؛ بەرهەمی لادانن لە هەموو ئەو ئاستانەی زمان، جا هەر شێوازەی دەشێت لە لایەنێک لەو لایەنانەی زمان و فەرهەنگدا؛ لادانی کردبێت.

بۆ نموونە:

**١) کچەکەی خۆم جوانە.**

**٢) ئێوە قەت فێر نابن.**

**٣) شەو بۆ نووستنەو ڕۆژ بۆ کارکردن.**

- ئەگەر سەیری ئەم ڕستانەی سەرەوە بکەین:

**یەکەمیان:** ڕستەیەکی **(وەسفی)**یە.

**دووەمیان:** ڕستەیەکی **(لۆمە)**یە.

**سێیەمیان:** ڕستەیەکی **(هەواڵی)**یە، دوو وشەی دژیەکی تێدایە کە (شەو و ڕۆژ)ن.

هەموو ئەم ڕستانە؛ بەپێی یاساکانی زمان و فەرهەنگ درووستکراون، هیچ لادانێکیان تێدا بەدی ناکەین، بەڵام لەم ڕستانەی خوارەوەدا:

**١) گوڵەکەی من جوانە.**

لێرەدا **(گوڵەکەم)** لەشوێنی **(کچەکەم)** هاتووە. واتە: لادان بەهۆی وشەی **(گوڵەکەم)** درووستبووە.

**٢) ئێوە تا کەی تێناگەن؟**

ئەم ڕستەیە شێوازەکەی پرسیارە، بەڵام **(پرسیاری مەجازی)**یە، بۆ ناشیرینکردنە، واتە: **(ئێوە قەت تێ ناگەن)**، ئەمەش لادانە لە شێواز.

**٣) بشمرم ئەو کارە ناکەم.**

لێرەدا ڕستەکە، ڕستەی **(لێکدراوی مەرجی)**یە، دەبوو بڵێت: **(ئەگەر من بشمرم، من ئەو کارە ناکەم)**، بەڵام دەبینین کورتبڕی کردووە لەبنەماکانی ڕستەسازی کوردی، ئەمەش لادانە لە داڕشتن.

جا بەڕستەکانی **(کۆمەڵەی یەکەم)** دەڵێین **(شێوازی زمانی)**و بەڕستەکانی **(کۆمەڵەی دووەم)** دەڵێین **(شێوازی ئەدەبی)**.

**تەوەری سێیەم/ لە بارەی شێوازناسی ئەدەبەوە:**

ئەدەب؛ وێناکردنی بیرە بەشێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش و پێشبینی نەکراو، هەر نووسەرێک خاوەن بیرێکی تایبەت بەخۆیەتی و وێنەیەک بۆ بیرەکانی دەکێشێت، وەک تابلۆیەکی نەخشین لە ڕێگەی زمانەوە دەیخاتەڕوو، جیا لە وێنەی بیری نووسەرێکی تر.

ئەدەب پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵێک ڕەگەز؛ کە وا دەقی ئەدەبییان لەسەر بنیات دەنرێت، بریتین لە: ( بیر، هەست، سۆز، خەیاڵ )، بۆ خستنەڕووی ئەم ڕەگەزانەش ڕێگەیەک پێویستە بۆ ئەوەی نووسەر بەهۆیەوە پەیام و واتاکانی دەربڕێت؛ ئەویش بریتییە لە (شێواز)، واتە: شێواز بنچینەیەکی گرنگی دامەزراوەو دارشتنی دەقی ئەدەبییە، لەگەڵ ئەمەشدا خزمەت بەڕەگەزەکانی تری ئەدەب دەکات و یارمەتیدەرە بۆ دەرکەوتنی ئەو بیرەی نووسەر هەیەتی. بەمشێوەیە شێواز ئەو ڕێگەیەیە، کە وا نووسەر لە پێناو نووسین و دەربڕینی مەبەستە ئەدەبییەکانی هەڵیدەبژێرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی فراوانبوونی ڕێگاکانی دەربڕین و ناسینەوەی نووسەرەکان بە هۆی ئەو شێوازەی بۆ نووسنەکانیان گرتوویانەتەبەر.

شێواز ڕێگاکانی بەکارهێنانی زمانە نەوەک درووستکردنی زمان، لەبەر ئەوە هەر نووسەرێک خاوەن فەرهەنگێکی تایبەتییە. ناسینەوەو گەیشتن بەو بیرو هەست و سۆزو دەروونی نووسەریش بە هۆی شێوازناسییەوە دەبێت.

شێوازناسی؛ هەڵوەشاندنەوەی دەقی ئەدەبییە لە پێناو دۆزینەوەی بنەما هونەرییەکان و ئەو ڕێگەیەی کە وا نووسەر بۆ دارشتنی دەقە ئەدەبییەکەی، پەنای بۆ بردووە.

شیوازناسی، زانستی دەرکەوتەی جوانییەکانی نێو دەقە ئەدەبییە داهێنراوەکانە، چونکە شێوازناسی دوای لادانەکان، لە دەق دەکۆڵێتەوە.

هەر لادانێک دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی شێوازێک و جیا لەویتر، بەمشێوەیە دەقی ئەدەبی بەرهەمهێنراو درووست دەبێت. هەموو ئەمانەش بۆ گەیاندنی پەیامێکی وێنە بۆکێشراوە، بەمەبەستی گەیشتن بە پەیامەکانیش؛ شێوازناسی ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت؛ لەشیکردنەوەی پێکهاتەی دەقە ئەدەبییەکان و بەتایبەتی دەقی شیعری، تاوەکو بە ڕووە جوان و بیرە داهێنراو و واتا بەهێزەکان بگەین، بەمشێوەیە شێوازناسی ئەدەب: توێژینەوەیە لەسەر ئەو دەربڕینە ئەدەبیانەی نووسەر، بەمەبەستی گەیاندنی جوانی و پەیامی واتادار بەخوێنەر.

**ئەنجام:**

لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە:

١. لە ڕوانگەی فەرهەنگەوە، شێواز بە واتای جۆراوجۆر هاتووە، کە هیچیان پەیوەندییان بە ئاخاوتن و ئەدەبەوە نییە.

٢. شێواز وەکو زاراوە، واتایەکی نوێیە بۆچەمکێکی کۆن، کە لێرەدا لەسەر زمانی ئەدەب و ئاخاوتن کورت دەبێتەوە.

٣. شێوازی ئەدەبی، ئەو شێوازانەی؛ داهێنانن، نووسراو بن، یان زارەکی، کە بەرهەمی لادانەکانن لە بنەماکانی زمان و فەرهەنگ.

٤. شێوازناسی ئەدەبی، تەنیا لەو شێوازانەی داهێنان دەکوڵتەوە، کە بەرهەمی لادانەکانن.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم/ سەرچاوە کوردییەکان:**


١) ئەحمەد، پەخشان عەلی (٢٠٠٩): شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٢) مەسیفی، ئەنوەر (٢٠٠٣): شەیتان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، شوێن هەولێر.

٣) کاکی، حەمە نوری عمر (٢٠٠٨): شێواز لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

٤) ساڵح، شێخ نوری شێخ (١٩٢٦): اسلوب چییە، ادبیاتی کوردی، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (٤٠)، ت٢.

٥) قەرەداخی، د. حەمە ڕەشید (٢٠٠٦): فەرهەنگی ئازادی (ئینگلیزی – کوردی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی اسوە، شوێن (؟).

٦) گەردی، عزیز (١٩٧٩): ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (واتاناسی)، بەرگی سێیەم، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی.

٧) مستەفا، د. ئیدریس عەبدواڵڵا (٢٠١٠-٢٠١١): شێوازو شێوازگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٨) مستەفا، د. ئیدریس عەبدواڵڵا (٢٠١٢): شێواز، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٩) مستەفا، د. ئیدریس عەبدواڵڵا (٢٠١٣): شێوازگەری لادان، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

١٠) موکریانی، گیوی (١٩٩٩): فەرهەنگی کوردستان (کوردی – کوردی)، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

١١) موکریانی، گیوی (٢٠١٢): فەرهەنگی مهاباد – فەرهەنگێکی قوتابخانەی (کوردی – ئارەوەییە)، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

١٢) نهێلی، نعمت الله حامد (٢٠٠٧): شێوازگەری (تیۆری و پراکتیک ڤەکۆلینەکە د بیاڤێ هۆزانێ دا) ، چاپا ئێکێ، چاپخانا حاجی هاشم، هەولێر.

١٣) ناوخۆش، پ. د. سەلام، (٢٠١٤): فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

١٤) ناوخۆش، سەلام (٢٠٠٣): فەرهەنگی ئەکسفۆردی نوێ (ئینگلیزی – کوردی )، چاپی دووەم، چاپخانەی مناره، هەولێر.

١٥) نظام الدین، فاضل (٢٠٠٧): فەرهەنگی شیرین (عەرەبی – کوردی)، چاپی چوارەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

١٦) هەژار، عبدالرحمن شرفکندی (١٣٨٨): فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە (کوردی – فارسی)، چاپی شەشەم، سروش، تهران.

دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان:

١٧) ابن منظور، جمال الدين محمد بن مكرم (٢٠٠٨): لسان العرب، المجلد السابع، الطبعة السادسة، دار صادر، بيروت-لبنان.

١٨) المسدی، د. عبدالسلام (٢٠٠٦): الأسلوبية و الأسلوب، الطبعة الخامسة، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت-لبنان.

١٩) الحربي، فرحان بدري (٢٠٠٣): الأسلوبية في النقد العربي الحديث (دراسة في تحليل الخطاب"، الطبعة الأولى، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت-الحمرا.

٢٠) الحكيم، توفيق (١٩٧٧): فن الأدب، دار المصر للطباعة، القاهرة.

٢١) الشايب، أحمد (١٩٩١): الأسلوب ( دراسة بلاغية تحليلية لاصول الأساليب الأدبية) ، الطبعة الثامنة، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.

٢٢) الفيومى، أحمد بن محمد بن على (١٩٨٧): المصباح المنير معجم (عربى – عربى)، مكتبة لبنان، بيروت-لبنان.

٢٣) الرمانى، إبراهيم (١٩٨٥): مدخل إلى الأسلوبية، مجلة امال (مجلة أدبية ثقافية) عن وزارة الثقافة العربية"، العدد: ٦١، المكان (؟).

٢٤) القضاة، د. محمد (١٩٩٨): الأسلوب والأسلوبية والنص الحديث، مجلة دراسات العلوم الإنسانية والاجتماعية، بحوث مهرجان المربد الشعرى الثالث عشر، الجامعة الأردنية.

٢٥) بيرجيرو (١٩٨٥): الأسلوب والأسلوبية، ترجمة: منذر عياشي، مركز الإنماء القومي، لبنان.

٢٦) بيرجيرو ( ١٩٩٤): الأسلوبية، ترجمة: منذر عياشى، الطبعة الثانية، دار الحاسوب للطباعة، حلب.

٢٧) بن ذريل، عدنان (٢٠٠٦): اللغة والأسلوب (دراسة) ، الطبعة الثانية، دار (؟)، المدن (؟).

٢٨) خليل، إبراهيم (١٩٩٧): الأسلوبية ونظرية النص، الطبعة الأولى، دار النشر (؟)، المدن (؟).

٢٩) خورى، رئيف (١٩٥٩): الدراسة الأدبية، الطبعة الثالثة، دار المكشوف، بيروت-لبنان.

٣٠) شريم، د. جوزيف ميشال (١٩٨٧): دليل الدراسات الأسلوبية، الطبعة الثانية، المؤسسة جامعية الدراسات والنشر والتوزيع، بيروت.

٣١) ضيف، أ. د. شوقى (١٩٨٠): المعجم الوجيز، الطبعة الأولى، مجمع اللغة العربية، جمهورية مصر العربية.

٣٢) عبدالمطلب، د. محمد (٢٠١٢): البلاغة والأسلوبية، الطبعة الرابعة، السركة المصرية العالمية للنشر (لونجمان)، القاهرة.

٣٣) عبدالنور، جبور (١٩٨٤): المعجم الأدبي، الطبعة الثانية، دار العلم للملاين، بيروت-لبنان.

٣٤) علوش، د. سعيد (١٩٨٥): معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة، الطبعة الأولى، دار الكتاب اللناني، بيروت-لبنان.

٣٥) فضل، د. صلاح (١٩٩٨): علم الأسلوب مبادئة وإجراءاته، الطبعة الأولى، دار الشروق، القاهرة.

٣٦) فضل، صلاح (٢٠١٣): مناهج النقد المعاصر، الطبعة الثالثة، الدار البيضاء، المغرب.

٣٧) فتحى، ابراهيم (١٩٨٨): معجم المصطلحات الأدبية، التعاضدية العمالية للطباعة والنشر، الجمهورية التونسية.

٣٨) مونان، جورج (١٩٨١): مفاتيح الألسنية، ترجمة: الطيب البكوش، الطبعة الأولى، منشورات الجديد، تونس.

٣٩) نصار، نواف (٢٠٠٧): المعجم الأدبي، الطبعة الأولى، دار ورد الأردنية للنشر والتوزيع، الأردن.

٤٠) نصار، نواف (٢٠١١): معجم المصطلحات الأدبية (عربى – انجليزي) ، الطبعة الأولى، دار المعتز، عمان.

٤١) وهبه، مجدى و كامل مهندس (١٩٨٤): معجم المصطلحات العربية في اللغة والأدب، الطبعة الثانية، مكتب لبنان، بيروت-لبنان.

سێیەم/ سەرچاوە فارسییەکان:

٤٢) بهار، محمد تقى (٢٥٣٥): سبک شناسى، جلد اول، چاپ چهارم، چاپخانه سپهر، تهران.

٤٣) شميسا، د. سيروس (١٣٧٣): كليات سبك شناسى، چاپى دوم، چاپخانەی رامین، تهران.

**چوارەم/ سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

44) Cogard, Karl (2001): Introduction a al Stylistique, Champs Universite Flammarion.

45) Cuddon, J. A. (2013): A Dictionary of Literary Terms and Literary Theory, Fifth Edition, First Published, Wiley-Blackwell, UK.

46) Quinn, Edward (2006): A Dictionary and Thematic Terms, Second Edition, Facts on File, Inc., New York.

47) Sebeak, Thomas A. Ed. (1986): Encyclopedia Dictionary of Semiotics-Barlin, Amstrdam New York.

48) Wales, Kate (2011): A Dictionary of Stylistics Third Edition, Routledqe, New York.

پێنجەم/ سەرچاوە فەرەنسییەکان:

49) Riffaterr, Michael (1977): Essais de Stylistique Structurale, Flammarion, Paris.

50) Dubois, Jean et les autres, ed (1999): Dictionnaire de Linguistique et des Sciences du language, Cedex, France, Paris.

51) Guiraud, Pierre (1969): Essais de Stylistique (Probemes et methods), Klincksieck, Paris.

52) Larousse, Le Pluridictionnaire (1977): Librairie Larousse, 17 rue du Montparnass 75298, Paris Cedex 06 France.

53) Larousse, Petit (1987): "Dictionnaire de Francais", France.

54) Pour Tous, Le Robert (1994): Dictionnqires Le Robert 27, Rue dde Iq Glaciere 75013, Pares.

**شەشەم/ سەرچاوە رووسییەکان:**

55) Sachkova, E. V. (2012): Lectures on English Stylitics, Yaroslavl, Moskovsky Prospect, 151., Railway Printing house Yaroslavsky technical school branch of MIIT, Mockba (Moscow).

**الملخص:**

يسعى هذا البحث الموسوم بـ **(الأسلوبية والأسلوبية الأدبية)**، إلى إلقاء الضوء على علم الأسلوب وقراءة النص الأدبي ومستوياته في ضوء التحليل الأسلوبي لبنيته وبيان كيفية الولوج إلى مكنونه الفكره وبعده الدلالي وبيان مواطن القوة فيه للمتلقي، معتمدا ومنتهجا نهج علم الأسلوب ومعطياته.

والبحث في مجمله مكون من مقدمة، ومبحثين رئيسين، اتخذا الشكل الآتي:

يضم **المبحث الأول:** المعنون بـ (الأسلوبية) وشمل محورين على التوالي محورين، يتناول محوره الأول: الأسلوبية في بعها اللغوي، في حين يتحدث محوره الثاني عن الأسلوبية في بعدها الأصطلاحي.

أما **المبحث الثاني:** فيحمل عنوان (الأسلوب والأسلوبية الأدبية) ويضم ثلاثة محاور، يتناول المحور الأول: الأسلوب، والثاني: الأسلوب اللغوية الأسلوب الأدبية، والثالث: الأسلوبية الأدبية.

وينهى البحث مشواره بختامه مودع فيها أهم الأستنتاجات ومسرد بأسماء المصادر والمراجع المعتمد عليها وثم اختتام البحث بملخص بلغتي الكردية العربية والإنكليزية.

**الكلمات المفتاحية:** الأنزياح، الأسلوب، الأسلوبية، الأسلوبية الأدبية.

**Abstract:**

This research paper is entitled **(Stylistics and Stylistics of Literature)**, is a purpose to introduce the Stylistics Science, Stylistics and studying the literature content under the light of the levels of stylistic analysis that the pleat of literature has been constituted on, it means: it introduces the Style of formula and individual notion which derivated linguistically, and it determines the strong denotation includes in the context of literature for the recipient. Thus, the layout of the research is; (Stylistics).

The research's table of content: the research constitutes of introduction and two chapters:

**First Chapter**: this chapter is entitled (Stylistics); it contains many sections; the first section is defined; (Stylistics in the view of words), and the second section is defined (Stylistics in the view of idiom) by the Styleologist and authors.

**Second chapter:** It is pertained to (Stylistics and Literature Stylistics), it contains three sections: the first section is about (Style), the second section introduces: (Language and Literature Styles) with examples, and in the third section, it talks about the (Stylistics of Literature).

In the conclusion of this research paper; the summary of the results that are concluded by the research paper with the resources and the epitome of the matter by the Kurdish, Arabic, and English Languages are introduced.

**Key Words:** Deviation, Style, Stylistics, Stylistics of Literature.